کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16-6-2007 18:53

## عەشقێک لەئاستانەی ئەودا!!؟؟ بە هەناسەکانی بوونم (خەزان)، پێشکەشە ... سەروەر کەریم

باران هەناسەی هەورە لەبارپناو،
گریان پاك بوونەوەی سۆمایە.
ژیان عەدەمێکە؟
قەدەرەکان پێیان تەفسیرناکرێ...
عەشق فەلسەفەی ئەفسانەیە،
هیچ زاهیدێك بەبێ نزا پێی ناگات..
ئەمێستا ژیان وادەی کۆچە،
وەرزی فڕینی پەپولەکانە.
دۆڕانی سۆفیە لەزیکری شەوان و،
بێزاربوونی خودایە لەعەرشی ئەوین...
ئای تەجەلاو کارەسات
بەم نائومێدیەوە تەقوای چی دەکەی.. ؟؟
کەژیان کاروانی بێ کۆتایی فەنابوونە...
هیچ نزایەك ناتگەیەنێتە مەنزڵ
بەوباڵە بەفرینانەوە،
ڕێگادورەکانی سەراب تەی ناکرێ...
بەوچاوە پڕلەخوێنینەوە،
سروتەکانی خۆش نودی ئەزبەرناکری...
چاوەڕوانی وادەی هاتنی خۆرناکری.
ئەفسوس نزاکان بێ هودەیە؟؟
کەنارەکانی خەون شیکار ناکرێ...
مەی زەدە ترین زاهید؟؟
دەست بەرداری شەرابی شەوان دەبێت و،
ناگاتە ئاستانەی مەعشوق...
هەناسەکانی بوونی شەوی یەڵدامان پی لەبەرناکری،
تابەشوێن ساتەکانی پەرستن دا بگەڕێین؟؟؟
کەقەدەری دووری ژیانمانی بەرەوو فەنابوون بردوە!!!
وێنەکانی ژوانی ئەبەدی گوڵ وپەپولەی،
لەئاستانەی بی وەڵامی باخچەدا ڕاگرتوە...
ئای تەمەنی چاوەڕوانی کۆترەکان،
بەس هەڵوەدای کۆچمان بکەو،
زەویەخارەکانی ژیانمان پێ بکێڵە و،
ڕۆحی پڕلەئەسرینمان مەئویست بکە...
ئای وادەی هاتنی هەناسەکانی کچی بەفر
باڵە ئاویەکانت بکەرەوەو،
بەرەوزناری چیاکانی عەشق بفڕە،
بەرلەوادەی ئاوابوونی خۆر...

سلێمانی
شەوی 2007/6/11

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.